لەیادی تاڵی هەڵەبجەو ئەنفالدا

# چی کارە و. . . چی بەکارە. ؟

سەلاّح گەرمیان.. سیدنی
salah.g@start.com.au

لە ناو کۆڕو کۆمەڵی ڕۆشنبیران و نووسەران و کەسانی سیاسی کورد بە تایبەتی لە دەرەوەی کوردستان بەگەرموگوڕی و تەوژمێکی جێی سەرنج باس لە یادکردنەوەی ئەو دوو کارەساتە جەرگبڕە ئەکرێت، بەمەبەستی ڕێکخستنی بیروڕا و بۆچوونەکان پێشنیاری جوراوجور ئەکرێت. لە کۆڕو سیمینار و کۆبوونەوەکاندا بەتایبەت لە ژورەکانی دەمەتەقێ ی "پاڵتۆك"دا کە خۆشبەختانە ڕۆشنبیران سوودیان لەو تەکنۆلۆجیایە وەرگرتوە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەمەڕ کاروبارە گرنگەکانی مەیدانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی کوردستان وجیهان. هەوڵدان لە ئارایە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە شێوەیەکی کاریگەر تاوانەکانی ڕژێمی دژ بە مرۆڤایەتی سەددامی جەللاد و خوێنمژ بخرێنە بەرچاوی جیهان وپەردە لە سەر ئەو لاپەڕە شاراوانەی مێژوی ڕەشی دەسەلاتی ناسیۆنالیستی شۆڤینی هەڵماڵرێت. گرینگێتی ئەو هەولاّنە لەوەدایە کە هەوڵی دادگایکردنی نەزار ئەلخەزرەجی کە یەکێکە لە لێپرساوانی سەرەکی ئەو تاوانە دڕندەکارانە دوای سەددام حوسێن و عەلی حەسەن ئەلمەجید، کە چەند مانگێك لەمەوبەر دەستی پێکردوە بەروەپێشەوە چووەو بەرپرسیارانی پولیسی دانیمارك لە وەلاّمی چەند لایەن و گروپێکی دڵسوز لە ئەوروپا وئوسترالیا بە نامەی فەرمی ئامادەی دادگایکردنی ئەو تاوەنبارەی دەربڕیوە، سەرەڕای داکۆکی کردن و بێدەنگی حیزەبە سیاسی سەرەکیەکانی کوردستان و لایەنەکانی بەناوە ئوپۆزیسیۆنی عیراق لەو تاوانبارە وناولێنانی بە کەسێکی نیشتمانپەروەرو دژە ڕژێم. ئەو هەوڵ و تەقەلایانە هاوکات لە گەڵ باس لە ئەگەری لێدانی عێراق ئەکرێت کە لە خۆیدا زەمینەی بەرەو پێشەوەچوونی ئەوکارانە خۆشتر ئەکات و دەرفەتێکی زیاتر لەبار ئەڕەخسێنێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی و میدیای جیهان بۆ لێکۆڵینەوە وباس و سەرنجدان لە بەسەرهاتەکانی کوردستان وکیشەی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست.

ئەوەی مایەی نیگەرانی وبێزاری زۆر لە دڵسۆزانی ئەو کەمپینەیە، سەرەڕای پەرشو بلاّوی هەوڵەکان و بانگەوازی جیاجیا لە چەند لایەنێکەوە، لە پڕا لایەنێکی تر خۆی قیت ئەکاتەوە و بە بانگەوازێکی لاواز کە پەلەکردنی ئاشکرای پێوە دیارە، هەروەك ئەوەی کە دایڕشتبێت لە گوێی گادا نوستوبێت. من دڵنیام لەوەی کەزۆر لەو بەڕێزانەی ناویان هاتوە لە بانگەوازەکەدا دەقی نوسراوەکەیان نەبینییوە پیش بلاّوکردنەوەی و ئاگادار نەکراونەتەوە لەو هەوڵ و کۆششانەی کە تا ئیستا بەڕێوە چووە. ئەگەر نا ئەی چۆن لە بانگەوازێك کە تیدا ئەڵێت، بەداخەوە تائیستا ئەوەی کراوە لە سالاّنی پێشوو لە ئاستی ئەو کارەساتەدا نەبوون. کەچی لە هەمان کاتدا تەنها کاریك کە بانگێشەی بۆ ئەکرێت لەو بانگەوازەدا، کۆبونەوەیەکە لە بەردەم بالاّخانەی شارەوانی کۆبنهاگن تەنها بە مەبەستی پێشکەش کردنی نامەیەك بۆ وەزیری دادی دانمارك. هەموو کەسێکی بە ئاگا لە دۆزی ئەلخەزرەجی ئەو ڕاستیە ئەزانی کە دەوڵەتی دانمارك بە ڕاشکاوی ئامادەیی دادگایکردنی ئەلخەزرەجی تاوانبار کردوە (وەکو لە پێش تر ئاماژەی بۆ کراوە). نوسەری بانگەوازەکە لە بۆچوونێکی سەقەت و لەخۆبایی بوونەوە ئەو باسەی خستوەتە ڕوو بێ گیۆ دان بە ئەنجامی کردارەکەی، کە هەر کەسێکی دڵسۆز درك بەرەنگدانەوەی سلبی ئەو کارە ئەکات بە سەر ڕەوتی کەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال کە وا چاوەڕوان ئەکرێت لە سالاّنی ڕابردوو زۆر کاریگەرتر بێت، ئەگەر ناحەزان و هەلپەرستان نەیقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی وتاکە لایەنی خۆیان.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە چەند خالێك بخەمە ڕوو هەرچەندە دڵنیام هەندێکیان باسیان لێوەکراوە لە کۆڕەکانی سەر ئینتەرنێت لەلایەن زۆر لە دڵسۆزانی گەلی بێچارەی کورد و قوربانیانی ئەو دوو کارەساتە کەم وێنەیە: * هەوڵدانی دڵسۆزانە بۆ یکخستنی هەموو لایەنەکان لە یەك کەمپینی سەرتاسەری لە هەموو ئەو وولاّتانەی کە بڕیارە کاری تیا ئەنجام بدرێ بۆ ئەم بیرەوەریە. بۆ ئەم مەبەستەش کار بکرێت بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی مەرکەزی بۆ هەڵسوڕاندنی کەمپینەکە، ناوەندی دەستەکە لە ئەوروپا بێت و ئەندامان بگرێتە خۆی لە هەر وولاّتێکەوە کە چالاکی تیا ئەنجام ئەدرێت. ئەو دەستەیە بەرنامەیەکی سەرتاسەری دارێژێت بۆ پێشەوە چوونی ئەو چالاکیانە.

* لێژنەی تایبەت بە کەمپینەکەوە پێکبهێنرێت لە وولاّتانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترالیا وکەندا وهەر وولاّتێکی تریش کە تیایدا کەسانێك هەن ئامادەن بۆ بەشداریکردن لە کەمپینەکە، بە مەرجێك ئەو لێژنانە پەیوەندی ڕاستەو خۆیان هەبێت بە دەستەی سەرەکی هەڵسوراندنی کەمپینەکەوە. * بەیاننامەی گشتی لە لایەن دەستەی هەڵسوڕاندنی سەرەکیەوە بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و کوردی وعەرەبی دەرچێت و هەروەها وەرگێڕانی دەقی بەیاننامەکە بۆ سەر زمانی ئەو وولاّتانەی کە کەمپینەکە تیایا بەڕێوە ئەچێت. * داخوازیکانی کەمپینەکە لە بواری ڕۆتین دەرچێت و لە سەر ئاستێکی نێونەتەوەیی دارێژرێت و بەرزکرێتەوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرك و جنێڤ و پەرلەمانی ئەوروپی لە برۆکسل و ئەمنیستی ئنتەرناشینال لە لەندن. * کارکردن بۆ دەستنیشانکردنی ١٦ / ٣ وەك ڕۆژێکی جیهانی بۆ دامالّینی چەکی کیمیاوی لە سەراسەری جیهان وهەروەها وەك ڕۆژێکی ماتەمینی گشتی و پشوودان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان. * داوای دادگایکردنی سەرانی ڕژیمی بەغدا وەك تاونبارانی جەنگ وجینوسایدی گەلی کورد. *ڕاگرتنی کتوپڕی هەڵمەتی بەردەوامی ڕژیمی سەددام لە سیاسەتی بەعەرەب کردنی شارەکانی کەرکوك وخانەقین و مەخمور وناوچەکانی تری ژێر دەسەلاّتی ڕژێم و گەڕانەوەی خێزانە دەرکراوەکان بۆ جێوری خۆیان وچاککردنەوەی باری جوگرافیایی ئەو ناوچانە لە ژێر سەپەرشتی دەزگا نێودەولەتیەکان.

* کارکردن بۆ ئیجبارکردنی ڕژێمی عێراق بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ١٨٢ هەزار قوربانیانی ئەنفال بە شێوەیەکی رەسمی وهەروەها قەرەبووی زیانی تاوانکاریەکانی لە بەشی دەولەتی عیراق لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك.

* پەیوەندی کردن بە دەزگای میدیا جیهانێکانەوە وەك ڕۆژنامە بەناوبانگەکان و کەناڵی تەلفزیونە گرنگەکان وکەسایەتیە سیاسیەکانی جیهان وەك هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بۆ کەمینەکە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ڕای گشتی جیهاندا بە شێوەیەکی گرنگ ڕەنگدانەوەی بەرچاو بێت.

هاوکات لە گەڵ ئەوانەی باسی لێوەکرا لەو خالاّنەی سەرەوە، پێویستە لە هەموو کەنالێکەوە چالاکی جوراوجور بەرپابکرێت وەك شانۆ و پێشانگای هونەری شێوەکاری و فۆتۆگرافی وکۆڕی ڕۆشنبیری و سیمیناری سیاسی.